# پیاوێک لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەدەستی چەپی خواردنی دەخوارد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرمووو: «بە دەستی ڕاستت بخۆ

لە سەلەمەی کوڕی ئەکوەعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەدەستی چەپی خواردنی دەخوارد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرمووو: «بە دەستی ڕاستت بخۆ»، ئەویش ووتی: ناتوانم، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرمووو: «هەر نەتوانیت»، هیچ شتێک ڕێگری لێنەکرد جگە لە خۆبەگەورەزانین نەبێت، بۆیە چیتر نەی توانی دەستی ڕاستی بەرز بکاتەوە بۆ دەمی.
[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی بینی بەدەستی چەپی خواردنی دەخوارد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکرد بەوەی بەدەستی ڕاستی خواردن بخوات، پیاوەکە بە لوت بەرزی ودرۆوە وەڵامی دایەوە بەوەی ناتوانێت ! پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای لێکرد بەوەی بێبەش بکرێت لە خواردن بەدەستی ڕاست، خوای گەورە وەڵامی پێغەمبەری دایەوە ودەستی ڕاستی گۆج بوو، لەپاش ئەمە نەیدەتوانی دەستی ڕاستی بە خواردن وخواردنەوە بەرز بکاتەوە بۆ دەمی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3372

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee